# ڕەحمان غەریب
# تۆپێك لە یاریگای ئەولا !

ه . سمکــۆ
Smko404@yahoo.com

ماوەیەکە ناوی ( ڕەحمان غەریب ) و حیزبی شیوعی کەوتۆتە نێو ناوان و هەرکەس هەڵدەستیٚ وەك ئەوەی خۆی دەیەویٚ و لە گۆشەنیگای بینینی خۆیەوە دەمی لێوەردەدات و هەندێکیشیان دوور لە جەوهەری مەسەلە ڕاستەقینەکە ئەم مەسەلەیە دەقۆزنەوە بۆ دژایەتی کردن و لەکەدارکردنی حیزبی شیوعی و بە هەڵەدابردنی ڕەحمان غەریب .

ئەوەی ڕەحمان لە بەرنامەی ( چاوی سێهەم ) دا تەرحی کرد وەك مەوزوع چ عەیبی نییە و بوێرییەکی چاوەڕوانکراوبوو لە وێك کە چەندان ساڵە لە ڕاگەیاندنەکانی حیزبی شیوعیدا هەر بەو جۆرە پەروەردەکراوە کە بوێر و ڕاستگۆ و بە دیقەت بێت و ئەوەی لە بەرژەوەندی خەڵکە بیٚ پرینگانەوە ئاشکرای بکات و زیاتر لەمەش موعالەجاتیش تەرح بکات بە تایبەتی لە مەسەلەی ( گەندەڵی ) یدا ، بەڵام ئەوەی هەمووومان لەسەری موتەفقین ئەوەیە کە نەدەبوو ئەم ڕۆژنامە نووسە بە سەلیقە و ئەزموونە هەر ئاوا و بۆ تەحەداکردنی ( حاکم قادر ) کە میوانی سەرەکی ئەو بەرنامەیەبوو ناو بهێنێت کە من بۆ خۆم بە ئازایەتی دانانێم ، چونکە مەسلەیەکی ئاوا و بوونی بەڵگەی یاسایی ئەوەندەی ڕۆژنامەنووس بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەك پەنای بۆ دەبات ئەوەندە بۆ خوڵقاندنی کێشەیەکی گەورەتر بەکاری ناهێنێت .

خۆ ئەگەر ڕۆژنامەنووس کاری ناوئاشکراکردنی خەڵك بێت لە میدیادا ئەوا لە شەو و ڕۆژێکدا گۆمی خوێن لە نێو ژووری نوسەران و دەستەی هەواڵ و چاپخانەکاندا هەڵەسا، ڕەحمانیش وەك هەر ڕۆژنامەنوسێکی تر نەك چەندان بگرە دەیان و سەدان ناوی گەندەڵکار و لە یاسا لادەر و چەوتی لایە ، کە ئەگەر بڵاویان بکاتەوە قیامەت هەڵدەخرێت .

ئەوەی کە بەلای منەوە سەیرە ئەوەیە کە ڕەحمان غەریب وەك پەیامنێری تەلەفزیۆنی ئازادی لەو بەرنامەیدا قسەی کردووە بەڵام ئەو تەلەفزیۆنە کە لە زۆربەی مەسەلە چارەنووسساز و ڕۆژانەیەکاندا هەڵوێستی هەبووە بۆ لەم مەسەلەیەدا بێدەنگە ؟

یان ئەوەتا ڕەحمان بە پەیامنێری خۆی نازانێت یان ئەوەیە نایەویٚ ئەم کێشەیە گەورەتربکات و پێویست نەکات بەرەی تێهەڵچونەکە بەرفراوانتربکات ، ئەگەر ئەمەی دووەمیان بێت عاقڵییە چونکە ئەگەر وابێت ئەوا دەبێت تەلەفزیۆنی ئازادی لەسەر هەر بەرنامە و ڕیپۆرتاژێکی بەرەیەکی شەڕ دابمەزرێنێت .

دەربارەی ئەو هەڕەشانەی لە ڕەحمان غەریب کراون لە لایەن حیزبی شیوعییەوە و خەڵکی نان و

پیازی پێوە بخۆن ، من پێم وایە هەڕەشە ئەسڵەن هەر لە ئارادا نەبێت ، چونکە ئەگەر تەلەفزیۆنی ئازادی کێشەکەی بەو گەورەییە سەیربکردایە کە خەڵکی تر دەیانەوێ بە گەورەیی نیشانی بدەن ئەوا بچوکترین کێشەیان بەتووشی خۆیانەوە نەدەکرد و ڕەحمانیان دەردەکرد ( کە تائێستاش لە ماڵپەڕی تەلەفزیۆنی ئازادی ڕەحمان غەریب بە ناو و وێنەوە وەك پەیامنێر ناسێنراوە ) .
ئەوەی من بە کێشەی گەورەکردنی ئەم کێشەیە دەیبینم هەڵەی ڕەحمان غەریبە ، چونکە بە چەند ڕونکردنەوەی نا پێویست و هەندێجاریش بێدەنگی و بێ وەڵامی سەنگی بابەتییانەی خۆی و کێشەی گەندەڵی لە دەستداوە و سەرنجی هەموانی لە کێشەی گەندەڵیی کاڵکردۆتەوە و سەرنجەکان چونەتە سەر مەوزوعێکی تر کە لەو بڕوایەدانیم ڕەحمان خۆیشی قبوڵی بکات ئەویش ڕژاندنی ژەهری دژایەتی ئەو حیزبەیە کە خۆی لەسەریی دووچاری ئەشکەنجە و نان بڕان و گرتن بۆتەوە ، ئەو وەك ئەندامێکی سەرکردایەتی حیزبی شیوعیش ئەگەر دەیەوێت ناوی گەندەڵکارەکانی حیزبی شیوعی ئاشکرا بکات چەندان ڕێگەی لە بەردەستە بۆ چارەسەرکردنیان هەر لە پێگەکەی خۆی تا کۆنفراس و کۆنگرە وە تا بڵاوکردنەوەی ناوی گەندەڵکاران لە بڵاوکراوە ناوخۆییەکانی حیزبدا ، ئەوەش کە هەیە ئەوەیە کە ئایا ڕەحمان مەبەستی لە درکاندنی چەند ناوێك لەو بەرنامەکەی ( کوردسات ) دا ، ناوهێنانی گەندەڵکارانی نێو حیزبی شیوعیی بووە ؟ مەبەستی بووە ڕێگا خۆشبکات بۆ ئەوەی کێشەیەکی سێ سەرە بۆ حیزبەکەی بنێتەوە هەم لەگەڵ خۆی ( وەك دەڵێن ) و هونەرمەندان و کەسایەتییەکاندا ؟
ئێستا ڕەحمان بیەوێت و نەیەوێت بۆتە تۆپێك و لە گۆڕەپانی ئەولایە (مەبەستم ئەو تیپەیە کەیاریزانەکانی هەر دەیانەوێت لە تۆپ هەڵدەن بۆ هەر گۆڵێك بیانەوێت ) کەسێك بەناوی دیفاع لە ڕۆژنامەنووسی، هاوپیشە و هاوڕێ ڕۆژنامەنووسەکانی ڕەحمانی پێ دەڕوشێنێ ، یەکێکی تر حیزبەکەی و ئەویتریش دەسەڵات و ...هتد.
من پێمباشە ڕەحمان ئەگەر خۆی گۆبەن خۆشکردنی ناوێت بێدەنگ بێت و دەزگاکەی خۆی ( تەلەفزیۆنی ئازادی ) بەرپرس بکات لە وەڵامدانەوە و ڕووبەڕووبوونەوەی هەر ئەگەرێك ، باوەڕیشم وایە کەسێکی تریش نەبێت ئەوەندەی هاوڕێکانی و سەرکردایەتییەکەی و ڕاگەیاندنەکەی ڕەحمانیان مەبەستبێت و خۆشیان بوێت .
من وەك ئەندامێکی حیزبی شیوعیش کە چەندجارێك ڕەحمان غەریبم دیوە باوەڕ ناکەم ئەو هاوڕێیەم قایل بێت لەسەر ئەو حیزبەکەی بشکێت و تۆمەتی ناڕەوای بخرێتە پاڵ چونکە خۆی تێکۆشەرێکی شیوعی وابووە سەدان شکانی خۆی لە پێناو حیزبەکەیدا قبوڵ کردووە ، لێرەشەوە دەڵێم منیش لەگەڵ تۆ و هاوڕێکانی ترمان وەرە و دەست لە دەست و بوێرانە شەڕی بوونی هەر گەندەڵی و نادیموکراتییەك بکەین لە دەرەوە و ناوخۆی حیزبدا .